## گوارەی ڕەن





زۆربەی خانمان حەز بە خشڵ و ئێکسسوار دەکەن، تەنانەت هەر یەکەو کۆمەڵێك ئێکسسواری هەمە چەشنیان هەیە، بەڵام هێشتا دڵیان لە جوانی خشڵ و گوارە و ملوانکە تێر نابێ، هەندێك لە ئێکسسوارەکانیش هەردەم بەکار دەهێنن. گوارە بە ئێکسسواری سەرەکی دەناسرێ، چونکە هەردەم لە گوێچکەی خانمانە، بەڵام واباشترە گوارەت بە گوێچکەوە نەبێت کاتێك دەخەویت، چونکە







## پانتۆڵی قوماشی کچان

ساڵانێکە پانتۆڵی قوماش بە ڕێژەیەکی کەم لەبەر دەکرێت و زیاتر مۆدی پانتۆڵی کاوبۆی (جینز) باو بووە، ئەگەرچی جوانیی پانتۆڵی قوماش هیچی لە جوانیی جینز کەمتر نییە، تەنانەت کەسایەتییەکی دیکە بە کچان دەبەخشێت کاتێك پانتۆڵێکی قوماش لەبەر دەکەن. هەمیشە دەگوترێ پانتۆڵی جینز کچان بە ڕەواڵەت بچووك دەکاتەوە، پانتۆڵی قوماشیش شێوە و کەسایەتییەکان گەورەتر نیشان دەدات. پسپۆڕانی جل و بەرگ دەڵێن: جل و بەرگ بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێت، بۆ نموونە کاتێك دەتەوێت بەشداری بکەیت لە کۆبوونەوەیەك، یان بچیتە شوێنێکی فەرمی، ئەگەر پانتۆڵێکی جینزت لەبەر بێت گونجاو نییە، تەنانەت بێزاریش دەبی بەهۆی تەسك و ترووسکی جینز، بەڵام ئەگەر پانتۆڵێکی قوماش و بەرینت لەبەر بێت، ئەوکاتە بۆ خۆت بە سانایی دەتوانی بێیت و بچیت، هەروەها شێوە و کەسایەتیت بە جۆرێکی دیکە دەبیندرێت، ئەو چەند مۆدەی پانتۆڵی قوماش سەرنجڕاکێش و جوانن، تۆی خانمیش دەتوانی شێوازێك لەو پانتۆڵە قوماشە بۆ خۆت هەڵبژێریت.





## ــــــگ زیوی

ڕەنگە بێـــزارت بکات و لــە گوێچەکەت رابچێ. مۆدی گوارەش لەگەڵ هەر وەرزێك شێواز و چەشنێکە، بەهۆی ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر ستایلەکانیدا دێت، لەگەڵ بەهاری ئەمســـاڵ، وا بڕیارە مۆدی گوارەی ڕەنگ زیوی بێت، واتە لە ڕەنگی ڕەساســـی و زیویی تۆخ بێت، چونکە ئەو ڕەنگە ســـەرنجڕاکێش و ناسکە لە گوارەدا.





## مۆدی پرچی خاوە!

خانمان هەمیشـــە گرنگی بە سەر و پرچیان دەدەن، تا چەند پرچیان جوان و ســـەرنجڕاکێش بێت، هێشتا گرنگی زیاتری پێدەدەن. لەگەڵ ئەوەی چەندین مۆدی جۆراوجۆری پرچ هەن، بەڵام دەبێ بزانن کام لەو شێوازانە لەگەڵ جوانییـــان دەگونجێت، تۆی خانمیش هەوڵبدە شـــێوازی پرچت گونجاو بێت لەگەڵ روخســـار و جەستەت، چونکە هەندێ لە خانمان هەڵە دەکەن لە هەڵبژاردنی شێوازێك لە ســـتایلەکانی پرچ بۆ خۆیان، ئەمەش وادەکات کە ببێتە جێگەی جیاوازی شێوەی پرچ لەگەڵ شـــێوە و روخسار. لەم ماوەیەدا خانمان زیاتر بایەخ بە پرچی خاو دەدەن، کاتێك پرچت خاو دەبێت، بەسەر شان و بەرۆکت دێتە خوارەوە، ئەو تەسریحەیە لە نێو خانماندا بەناوبانگە، بەڵام زیاتر بۆ کاتی ئاهەنگ و زەماوەندە، هەروەها دەتوانن ئەو شێوازە پرچە لە زۆربەی کاتەکانی ڕۆژیش بێت، لە مۆدی ئێستادا زیاتر گرنگی بە پرچی سەرح و خاو دەدرێ، ڕەنگە ببێتە مۆدێکی گشتی و زۆربەی کچانیش پرچیان خاو بکەن.

# خاوەنی فەیسبووک خانووەکەی بای چەندە

کاتێك بیر لە ژیان و شوێن و ماڵ و حاڵی ناودارانی جیهان دەکەینەوە، دەڵێین: ئاخۆ خانووەکەی چۆنە، چۆن دەژێت و چی دەخوات و ...هتد.خاوەنی بیرۆکەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، (مارك زوکنبێرگ) کە لە ناکاو بوو بە یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی جیهان، بەم دواییە خانوویێکی بۆ خۆی دروستکرد بە بڕی (١٠) ملیۆن دۆلار، خانووەکەی مارك دەکەوێتە شاری سان فرانسیسکۆی ویلایەتی کالیفۆڕنیای ئەمریکی، شێوازی ئەندازەیی ئەو خانووە لەلایەن دیزاینەرانی (گەوکایر)ی بەناوبانگ دروستکراوە، کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (٣٥٣) مەتر دووجا، وادیارە مارك شێوازی خانووەکەی بە دڵ نییە و هەر بۆیە بڕی یەك ملیۆن و ٦٠٠ هەزار دۆلاری بۆ زیاتر جوانکردن و ڕازاوەکردنی خانووەکەی داناوە، واتە ئێستا خانووەکەی بە بڕی (١٢) ملیۆن دۆلاری لەسەر خۆی وەستاوە.















# سەرۆکەکانیش حەز بە وەرزش دەکەن!

ئەوانەی دەبنە سەرۆك و دەسەڵاتدار مرۆڤن، ئەوان لە دوای کۆشش و خەبات و ماندووبوون گەیشتوونەتە ئەو پلەیە، ڕەنگە ئێمە کاتێك سەرۆکێك، یان کەسایەتییەکی دەسەڵاتدار لە شوێنێکی گشتی ببینین، بە سەرنجەوە لێی بڕوانین، وەك ئەوەی پێمان سەیرە کە مرۆڤی سەرۆك و خاوەن دەسەڵات لە شوێنی گشتی بێت، یان ڕەفتارێکی ئاسایی وەك ژیانی خەڵکی بکات، ئەوانە سەرۆکە بەناوبانگەکانی وڵاتانی جیهانن، کە لە کاتێکدا وێنەیان گیراوە، دوورن لە سیاسەت و کاری خۆیان، بەڵکو هەر یەکە خەریکی وەرزشکردنە، چونکە وەرزش بۆ هەمووانە، ئەوەتا سەرۆکی ئەمریکا باراك ئۆباما خەریکی یاری تێنسە، سەرۆکی ڕووسیا ڤیلادیمێر پۆتین حەزی بە یاری جودۆ و کاراتێیە، لە کاتێکدا سەرۆکە گەنجەکەی کۆریای باکوور کیم جۆن، خەریکی نیشانەگرتنەوەیە، لەولاوە فرانسوا هۆلاندی سەرۆکی فەڕەنسا یاری تۆپی پێ دەکات، لە کۆتاییشدا سەرۆك وەزیرانی ژاپۆن، شینزۆ ئەبی، خەریکی کەللە تۆپە.





# جلی کوردی بە کەوای دوو ڕەنگ و کلۆش



خانمانی کورد لەگەڵ هاتنی نەورۆز و ساڵی نوێ زیاتر جلی کوردی لەبەر دەکەن و لەو ڕۆژانەدا جلی کوردی داواکاری زیاتری لەسەرە و هەر یەکەو شێواز و مۆدێکی تایبەت بە خۆیان دەوێ، بەرگدروو (ئەسعەد خەیات) لەو بارەیەوە دەڵێت: «خانمان زیاتر داوای جلی کوردی دەکەن لەوەی جلی بیانییان بوێت، بەتایبەتی ئێستا کە بەهار و نەوروزە، بۆیە داوا لەسەر جلی کوردی زۆر بووە و زیاتریش لە نەخش و ڕەنگی جلی پێشمەرگەیان دەوێت، هەروەها کۆمەڵێك مۆد و شێوازی دیکە داوا دەکەن کە لەسەر خواستی خۆیانە، ئەو شێوازەی ئێستا نمایش کراوە، پێی دەگوترێ: جلی کوردی بە کەوای کلۆش و کەوای دوو ڕەنگ، لە مۆدی یەکەمدا شێوەی کەواکە نەخش نەخشە و بە کلۆش ناسراوە، شێوەی دووەمیش بریتییە لە کەوا کە پێکهاتووە لە دوو قوماش و هەر یەکەو ڕەنگێکە، بەمەش بە کەوای دوو ڕەنگی کلۆش ناسراوە، هەر یەکە لەم دوو شێوازە جێگەی سەرنجن، بەتایبەت کاتێك خانمان لەبەری دەکەن و بەمەش دیمەنێکی جوانیان دەبێت.

## پەپوولە



هەموومان پەپوولەمان خۆشدەوێ، کە بە جوانی باڵە ڕەنگینەکانی مەستمان دەکەن، تەنانەت کاتێك دەفڕن، دڵگیر و زەردەخەنە دەخەنە سەر لێوانمان، بەڵام کێ لە نزیکەوە تەماشای شێوەی پەپوولەی کردووە، وەك دەزانین کە پەپوولە بە خشۆك دادەنرێ و لە پۆلی باڵندەیە،



## فێڵکاری چاو

- لەم وێنەیەدا، کە بە دوو وێنەی ناو یەکتر دەردەکەوێت، یەکێکیان وێنەی پیاوێکی پیرە لەلایەك وێنەی گیراوە، وێنەی دووەمیش کەسێکە لەسەر پشتی ئەسپ، هەوڵبدە وێنەکان لە یەکتر جیا بکەیتەوە.

## تابلۆ

- بارەگوڵ

یەکێکە لە تابلۆ نایابەکانی وێنەکێشی مەکسیکی (دیەگۆ ڕیڤێرا) کە لە ساڵی (١٨٨٦) لە دایك بووە و لە ساڵی (١٩٣٥) ئەو وێنەیەی کێشاوە، کە باس لە پیاوێك دەکات بارەگوڵێکی بەسەر پشتە و ناتوانێت لە ماندوویيان هەڵیبگرێت، لەو کاتە ئافرەتەکەی یارمەتی دەدات کە بارەگوڵەکە هەڵگرێت.





### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ماوەیەکە کێشە و گرفتت هەیە، بەڵام دەبێ ئارام بگریت، تا بتوانی چارەسەری بکەیت، بەپێچەوانەوە گەر وریا نەبیت، کێشەکەت بۆ ماوەیەکی درێژ ئازارت دەدات، دوودڵ مەبە لە کارەکانت و هەنگاوی جددیتری بۆ هەڵبگرە .



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەسێك یارمەتیت دەدات و وا باشترە تۆش فەرامۆشی نەکەیت، ئەگینا زۆر دەستکەوتی گەورەت لەکیس دەچێت. داوای هاوکاری و یارمەتی لە دڵسۆزانت بکە و خەرجییەکانیشت کەم بکەوە.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

کەسانێك کە لە بارەی ژیانی تایبەتیت لەگەڵت دەدوێن، مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە، باشتر وایە گوێیان لێ نەگریت و شتی تایبەتی خۆتیان بۆ نەدرکێنیت و دەبێت بە وریایی مامەڵەیان لەگەڵ بکەیت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ماوەیەکی زۆرە بە مەبەستی بەجێهێنانی خەونەکانت لە هەوڵ و کۆششدایت، بۆیە پێویست ناکات سارد بیتەوە، قۆناغێکی باشت لە سەرکەوتنەکانی ژیانت بڕیوە، دڵنیابە بە خەونەکانت دەگەیت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەوڵبدە گەشبین بیت و لە دوودڵیی دوور بکەویتەوە، لەم ڕۆژانەشدا پێشنیارێکی گرنگت دەخەنە پێشت، پێویستە بە جوانی و زیرەکی لێی ورد ببیتەوە، چونکە چەند هەڵەیەکی تیایە گەر ڕاستی نەکەیتەوە، ئەنجامی باش نابێت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەمیشە گوێڕاڵی کەسانی لە خۆت گەورەتر بە و وانەیان لێ وەربگرە، بەڵام ئەگەر قسەیەکیان لە بەرژەوەندیت نەبوو، پشتگوێی بخە، لە باری ئابووریشدا دەستکەوتەکانت بەرەو زیاتر دەچن.



## ـــــــه نزیکەوە ببینە!

**ئەو وێنانە ســـەر و چـــاوی پەپوولەیە کە بە کامێـــرای تایبەتەوە لە نزیکەوە وێنەیـــان گیراوە، ئەگەر بە وردی ســـەیری وێنەکان بکەیت، ئیدی پەپوولە لە نزیکـــەوە پێ جوان نابێت و تەنیا دەتەوێت لە دوورەوە سەیری بکەیت.**



## پەند و وتە!

**-وینستۆن چەرچڵ بۆ زللە دەڵێ :**

لەوە ناخۆشـــتر نییە، کاتێك زللەیـــەك دەخۆیـــت، لەوەش ناخۆشتر نییە ئەگەر هۆکاری زللەکە نەزانیت!




## ئۆتۆمبێل

بەپێی تازەترین لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری لەســـەر دروســـتکردنی ئۆتۆمبێـــل لە وڵاتانی جیهاندا، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی پێشەنگن لە دروستکردنی ئۆتۆمبێلدا وەك: ئەڵمانیا، ژاپۆن، ئەمریکا، ئیتاڵیا، کۆریا، چیـــن. لە کۆتاییدا ژمارەیەکی ڕێژەییان دەســـت کەوت لە ماوەی مانگێکدا ڕۆژانـــە زیاتر لە (١٦٥) هەزار ئۆتۆمبێل دروستدەکرێن و نزیکەی (١٠٠) هەزار ئوتۆمبێلیش سیکراب دەکرێن.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پێویستە سنوورێك بۆ پەیوەندییەکانت دابنێیت، بەڵام هەوڵبدە بزانیت ئەو کەسەی کە بە بەردەوامی هاتوچۆت دەکات و لێت دەپرسێتەوە، مەبەستی پاداشتدانەوەی چاکەکانی تۆیە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەندێ جار هەڵە دەکەیت، بەڵام هەوڵبدە زوو هەڵەکەت چاك بکەیتەوە، دڵی ئەو کەسەش مەشکێنە کە لەم ڕۆژانەدا داوای یارمەتیت لێدەکات، بۆ ئەوەی لە ئاکامدا پەشیمان نەبیتەوە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ماوەیەکە هەست بە نائارامی ژیانت دەکەیت، بەڵام ئەو دۆخەت کاتییە و دەڕوات، نابێت لەو کەسانەش زویر بیت کە ئامۆژگاریت دەکەن، چونکە مەبەستیان تەنها سەرفرازی و سەرکەوتنی تۆیە و وا باشترە تۆش سوپاسیان بکەیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بەم شێوە ڕەفتارکردنەت ناگەیتە ئامانجەکانت، پەیوەندییەکەت لەگەڵ هاوڕێکانت گونجاو نییە، وا باشترە بەخۆتا بچیتەوە، لەبەرەوەی هیچ مرۆڤێك نییە هەڵە نەکات، لێبوردن بەڵگەی دڵفراونی تۆیە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ماوەیەکە زۆر بیر دەکەیتەوە، هەر بۆیە هەست بە بێزاری دەکەیت، ئەو پڕۆژەی کە بیری لێ دەکەیتەوە، جارێ وازی لێبێنە، چونکە شتی لەوە گرنگترت لەپێشە و فەرامۆشت کردووە، ئاگاداری هەڵسوکەوتی دڵخوازەکەت بە تووشی هەڵەت نەکات



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەردەم ڕێز لە بیر و هەستی دەوروبەرت بگرە و لە ڕوانگەی خۆتەوە سەیری کەسانی دیکە مەکە، چونکە ئەوان وەك تۆ بیرناکەنەوە، بەڵام لەم ماوەیەدا کەسێکت بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەرگیز بڕوات نەدەکرد ئاوا بێت